Greater Glasgow and Clyde

# بڵاڤۆکی زانیاری سەردان
# لە 9- 08- 2021 ـەوە

## بەخێربێن

خۆشحاڵین کە ئاگادارتان بکەینەوە کە لە **ڕۆژی دووشەممە 09-08-2021 ـەوە** ڕێوشوێنەکانی سەردانی نەخۆشخانە لە سەرتاسەری NHSGGC دا دەگۆڕیت بۆ پشتگیریکردنی نەخۆشەکان بۆ ئەوەی:

- پشتگیرییان هەبێت لە نەخۆشخانە لەو کەسانەوە کە بەلای ئەوانەوە گرنگن. هیچی دیکە پێویست ناکات کە سنوردار بێت بۆ سەردانی دوو کەس؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە لەوانەیە هەندێک جار پێویستیمان بەوە بێت کە ژمارەی ئەو ئەندامانی خێزانە سنوردار بکەین کە دەتوانن لە یەک کاتدا سەردان بکەن، بەو جۆرە ڕێساکانی خۆ دووره پەرێزگرتنی کۆمەڵایەتی دەکرێت پەیڕەو بکرێن.
- گفتوگۆ لەگەڵ نەخۆشەکە و خێزانەکەی دوای داخڵکردن و لە سەرتاسەری مانەوەیدا لە نەخۆشخانە ئەنجام دەدرێت بۆ وتووێژکردن لەسەر ئەوەی کە کێ حەز دەکات سەردان بکات و لە چ کاتێکدا.
- پشتگیری خێزان لەکاتێکدا کە نەخۆشەکان حەز دەکەن ئەوانیان لەلا بێت و یارمەتی و پشتگیری ئەو کەسانەی کە بەلایانەوە گرنگن. بۆ نمونە، لەکاتی ژەمە خۆراکەکان، دانیشتنی دووبارە ڕاهێنانەوە، پلاندانان بۆ ئیزندان و لەماوەی گفتوگۆی تیمی فرە - جڵەوگیریدا.

لە کاتێکدا کۆڤید- 19 هێشتا لەگەڵ ئێمە ماوە، بۆ درێژەدان بە سەلامەتی نەخۆشەکان، ئەو خزم و کەسوکارەی کە پشتگیری فەراهەم دەکەن و کارمەندەکان، سەردان پێویستە کە بەردەوام ڕێک بخرێت و ژمارەی ئەو کەسانە سنوردار بکرێت کە لە یەک کاتدا سەردان دەکەن. ئەگەر حەز دەکەیت سەردانی هیچ کەسێک بکەیت لەو نەخۆشخانانەدا، تکایە پەیوەندی قاوشەکەوە بکە بۆ سازدانی سەردانێکی پێشوەخت، بۆئەوەی بتوانین دڵنیا بین کە قاوش و نەخۆشخانەکانمان قەرەباڵغ نەبن و بوار بۆ هەموو کەس بڕەخسێت کە پەیڕەوی ڕێساکانی خۆ دووره پەرێزگرتنی جەستەیی بکەن. لیستێکی ژمارە تەلەفونەکان دەکرێت بۆ هەموو قاوش و بەشەکان ببینرێتەوە لە ماڵپەری NHSGGC.

ئێمە پێشوازی لە پشتگیری لە خێزان و هاوڕێیانەوە دەکەین لە نەخۆشخانە؛ ئێمە دەزانین کە ئەوە پشتگیرییەکی زۆر گرنگە بۆ نەخۆشەکان، بەتایبەتی سەبارەت بە خۆراک خواردن، چاکبوونەوە، هاتنەوە سەرخۆ و چۆنایەتی سەرپەرشتی بە شێوەیەکی گشتی.

## کێ دەتوانێت سەردان بکات؟

لە ڕۆژی دووشەممە 09-08-2021 ـەوە، هەموو نەخۆشەکان (هەر کات بگونجێت) هەموو ڕۆژێک دەتوانن لە پشتگیریکردنی دوو کەس سوودمەند بن کە خۆیان هەڵیان دەبژێرن- ئەوە هیچی دیکە پێویست ناکات هەمان دوو کەس بێت کە سەردان دەکەن.

ڕێوشوێنەکانی سەردان هەتا دەتوانرێت بەشێوەیەکی نەرم و نیان ڕێک دەخرێت بۆ دڵنیابوونەوە لە سەلامەتی نەخۆشەکان، خێزان و کەسوکار و کارمەندەکان.

لەوانەیە ڕەوشی ئەوتۆ هەبێت کە لەوێدا کارمەندەکان لەوانەیە پێویست بێت داوات لێ بکەن بەشێوەیەکی کاتیی لە قاوشەکە بچیتە دەرەوە یان بۆئەوەی لەکاتی سەردانەکەتدا قاوشەکە بەجێ بهێڵیت. ئێمە هەمیشە ئەوە ڕوون دەکەینەوە هەر کات ئەوە پێویست بکات. پشتگیری و تێگەیشتنی تۆ کاتێک کە ئەوە پێویست بێت مایەی سوپاس و پێزانینە بۆ دڵنیاکردنی سەلامەتی و تایبەتێتی هەموو کەس.

## ئایا چۆن سەردانێک ساز بکەم؟

ئەگەر تۆ حەز دەکەیت سەردان بکەیت، تکایە پێشوەخت پەیوەندی بە قاوشەکەوە بکە بۆ سازدانی سەردانێک.

زۆر گرنگە کە ئێمە بەردەوام بین لەسەر سنوردارکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە قاوشەکەدا دەبن لە هەر کاتێکی دیاریکراودا. بۆ یارمەتیدانی کۆنترۆڵکردن بەسەر ئەوەدا لانی زۆرترینی ژمارەی خەڵک هەیە کە ڕێگەیان پێ دەدرێت لەناو ژوورێکدا بن لە هەر کاتێکی دیاریکراودا بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە ئێمە هەمووومان دەتوانین پەیڕەوی ڕێساکانی کەنارگیری جەستەیی بکەین.

لیستێکی ژمارە تەلەفونەکان دەکرێت بۆ هەموو قاوش و بەشەکان ببینرێتەوە لە ماڵپەری NHSGGC یان لەبری ئەوە پەیوەندی بە هێڵگۆرکێی نەخۆشخانەوە بکە.

## ئایا کەسانی دیکە دەتوانن لەگەڵ من سەردان بکەن؟

ئێمە لەوە تێ دەگەین کە لە هەندێک باردا، ئەو ئەندامەی خێزان کە دەستنیشان کراوە سەردان بکات لەوانەیە پێویست بێت کەسێکی تری لەگەڵ بێت، بۆ نمونە، مناڵێک کە سەردانی باوان یان خوشک یا برای بکات، یان کەسێکی بەتەمەنی لاواز کە ناتوانێت خۆی بەبێ یارمەتی کەس سەردانی نەخۆشخانە بکات. ئامادەبوونی ئەو کەسە زیادەیە ئاسانکاری بۆ دەکرێت - کارمەندەکانی قاوش ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ئەوە چۆن پشتگیری دەکرێت.

## ئایا بۆچی من لەوانەیە نەتوانم سەردان بکەم؟

کۆڤید- 19 هێشتا لەگەڵمان ماوە و دەکرێت بە ئاسانی بگوێزرێتەوە. بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان سەرنجدانی ورد بۆ بەرگرتن لە هەوکردن و پێوەرەکانی کۆنترۆڵکردن لە میانەی پشتگیری خێزاندا هێشتا هەر دەبێت پەیڕەو بکرێن.

ژمارەیەکی زۆر نەخۆشی بارناسک هەیە لە قاوشی نەخۆشخانەکانماندا و بەتایبەتی، هەندێک جۆری نەخۆشی هەندێک جۆری چارەسەر کە لەوێدا ئێمە دەبێت زۆر بە وریاییەوە بەرەوپێش بچین، ئەوە دڵنیا بکە کە هەڵسەنگاندنێکی مەترسی بەشێوەیەکی گونجاو پەیڕەو کراوە و دووبارە هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە هەر کات و لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەک لە هەلومەرجەکاندا.

تیمێکی فرە -جڵەوگیری (MDT) کە لەلایەن ڕاوێژکارێکەوە ئاراستە بکرێت بەباش دادەنرێت بۆ ئەو نەخۆشانەی کە مەترسی زۆریان لەسەرە بۆ یارمەتیدان لە بریاردان بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەوەی کە ئاخۆ سەردانەکان دەکرێت بەشێوەیەکی سەلامەت پشتگیری بکرێن یان نا. هەندێک نموونەی ئەو نەخۆشانەی کە پێویستییان بەم پێداچوونەوەیە هەیە ئەوانە دەبن کە نەشتەرگەرییان بۆ ئەنجام دەدرێت یان ئەو نەخۆشانەی کە بەرگری لەشیان لاوازە.

ئەگەر سەردانێک نەتوانرێت ئەنجام بدرێت، ئێمە ڕوونکردنەوەیەکت بۆ فەراهەم دەکەین کە ئەوە بۆچی پێویستە. ئێمە بەردەوام هەر کات بگونجێت پێداچوونەوە بۆ ئەوە دەکەین و هەر کات هەلومەرجەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات جارێکی تر هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەینەوە.

## ئەگەر سەردان سنوردار بکرێت، ئایا ڕەوشی ئەوتۆ هەیە کە بتوانرێت سەردانی تێدا ئەنجام بدرێت؟

ئەگەر پێویست بکات بە سنوردارکردنی سەردان بۆ قاوش یان ناوچەیەکی دیاریکراو، بۆ نمونە، بەهۆی بڵاوبوونەوەیەکی لەپڕی کۆڤید- 19 ـەوە یان زیادبوونی لەپڕی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لەناو کۆمەڵگەدا، **سەردانە بنەڕەتییەکان هەر بەردەوام دەبن**.

نمونەی جۆری ئەو ڕەوشانەی کە "سەردانە بنەڕەتییەکان" دەکرێت ئەنجام بدرێن بەم شێوەیەی خوارەوەن:

- هاوەڵێک بۆ کاتی مناڵبوون کە پشتگیری ژنێک دەکات لەکاتی سەردانی نەخۆشخانەدا.
- کەسێک کە سەرپەرشتی کۆتایی ژیان وەردەگرێت - ئێمە وەها پێشبینی دەکەین کە ئەوە هەتا دەتوانرێت بە نەرم و نیانی و هاوسۆزی پێناسە بکرێت، بۆ پشتگیریکردنی ئەو نەخۆشانەی کە لە کۆتایی ژیاندان بۆئەوەی کاتێکی واتادار لەگەڵ خۆشەویستانیان بەسەر بەرن لە کۆتا ڕۆژ، هەفتە , یان مانگەکانیاندا.
- بۆ پشتگیریکردنی کەسێک کە کێشەی تەندروستی دەروونی یان دێمێنشیا یان کەمئەندامییەکی فێربوون یان ئۆتیزمی هەیە کە ئەگەر ئەو کەسە لەوێ نەبێت نەخۆشەکە تووشی پەرێشانی ببێت.
- بۆئەوەی لەگەڵ مناڵێک بێت لە نەخۆشخانە.

## ئایا چی ڕوو دەدات ئەگەر من یان ئەندامێکی دیکەی خێزان و خزم و کەسوکار یان هاوڕێیەک نەتوانێت سەردان بکات؟

ئەگەر خۆت نەتوانیت سەردانی نەخۆشەکە بکەیت، تکایە تەکنۆلۆژیا بەکار بهێنە وەک میدیای کۆمەڵایەتی و پەیوەندی تەلەفونی بۆئەوەی ئاگات لە هەواڵی ئەو کەسە بێت. ئەگەر حەز دەکەیت 'سەردانی دووربەدوور' ساز بکەیت (پەیوەندی ڤیدیۆیی) لەگەڵ هاوڕێ یان خزم و کەسوکار

له یەکێک لە نەخۆشخانەکانمان، تکایە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە قاوشەکەوە بکە یان ئەو فۆڕمە بەکار بهێنە کە لەسەر ئینتەرنێت بەردەستە لە Person-Centred Virtual Visiting Webpage و ئێمە لەگەڵ قاوشەکە ڕێوشوێن ساز دەکەین بۆئەوەی پەیوەندییەکی ڤیدیۆیی ڕێک بخرێت.

هەموو قاوشەکان ئای پادیان تێدایە کە بەشێوەیەکی تایبەت بۆ مەبەستی 'سەردانە دووربەدوورەکان' دامەزراون (پەیوەندی ڤیدیۆیی) کە بوار بۆ نەخۆشەکان دەڕەخسێنن کە چاویان بەو کەسانە بکەوێت و قسەیان لەگەڵ بکەن کە بەلایانەوە گرنگن لەڕێگەی بەکارهێنانی فەیس تایم، سکایپ، زووم یان NHS Near Me.

## ئایا دەبێت من بەر لە سەردانەکەم چ شتێک ئەنجام بدەم؟

بۆ هەوڵدان بۆ پاراستنی هەموو کەس بە سەلامەتی، ئێمە وەها ڕاسپاردە دەکەین کە هەموو سەردانکارەکان بەر لە سەردانکردن پشکنینی خێرا Lateral Flow Test ی خۆویستی ئەنجام بدەن. دوای ئەوە وەها بەباش دادەنرێت کە تۆ پشکنینەکە **هەفتەی دوو جار** ئەنجام بدەیت بۆ هەموو ئەو ماوەیەی کە تۆ سەردانکاری ناوزەدکراویت.

ئەوە ئارەزوومەندانەیە - ئەگەر حەز ناکەیت پشکنینێک ئەنجام بدەیت یان ئەگەر ناتوانیت پشکنین ئەنجام بدەیت ئەوە نابێتە بەربەست لەبەردەم سەرداندا.

## ئایا من چۆن ڕێوشوێن ساز بکەم بۆ ئەنجامدانی پشکنینی خێرا Lateral Flow Test ی خۆویستی؟

زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی داواکردنی پشکنینی خێرا Lateral Flow Test لێرەدا بەردەستە: ماڵپەڕی حکومەتی سکۆتلەندی.

پشکنینەکان هەروەها دەکرێت لە ناوەندەکانی پشکنینی کۆڤید- 19 وەربگیرێن لە پاشنیوەڕوان یان ئێواراندا.

هەروەها دەتوانیت پشکنینێک دابنێیت/ ساز بکەیت لە **شوێنەکانی پشکنینی بێ نیشانەی نەخۆشی** لە سەرتاسەری NHSGGC دا. لە کۆتایی ئەم بڵاۆکەکەدا لیستێک هەیە کە پێت دەڵێت ئەوانە لەکوێن. ئەوانە هەروەها دەکرێت لێرە ببینرێنەوە ماڵپەڕی NHSGGC.

## ئایا دەبێت من چی بکەم کاتێک کە سەردان ئەنجام دەدەم؟

زۆر گرنگە بۆ سەلامەتی خۆت و سەلامەتی نەخۆش و کارمەندەکان کە تۆ ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدەیت:

- داپۆشەری دەموچاو / دەمامک دەبێت هەموو کاتێک ببەسترێت، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە هۆکارێک هەبێت کە تۆ ناتوانیت.
- خۆت دوورەپەرێز بگرە لە گردبوونەوەی خەڵک لە ناوچە هاوبەشەکانی نەخۆشخانەکەدا. ئەگەر توانیت پلیکانەکان بەکار بهێنە، بۆ خۆ دوورەپەرێزگرتن لە گردبوونەوە لەناو سەرخەر (مەسعەد) دا. جووڵانی تۆ لەناو ناوچەکانی تری نەخۆشخانەکەدا دەبێت هەتا ئەو ڕادەیەی کە بەشێوەیەکی ڕەوا دەتوانرێت بهێنرێتە دی سنووردار بکرێت.
- دەستەکانت پاک بکەرەوە لەڕێگەی بەکارهێنانی پاکژکاری دەستەوە بەرلەوەی کە بچیتە ناو قاوش یان بەشەکە و دوای بەجێهێشتنی و هەر کات دەستت لە شتێک دا.
- دوو مەتر دووری لە خەڵکی ترەوە دەبێت پەیڕەو بکرێت.
- خۆت لە کەسانی دیکە جیا بکەرەوە - **پێویستە لەسەرت کە نەچیت** بۆ ئەوێ ئەگەر تەندروستیت باش نەبێت، ئەگەر تۆ بەرکەوتەی خەڵکی ناوماڵێکیت یان بەشێوازێکی تر تۆ ئاگادار کراویتەوە کە تۆ بەرکەوتەیەکی نزیکی کەسێکی پشتڕاست کراوەی کۆڤید-19 و پێیان وتوویت کە خۆت لە کەسانی دیکە جیا بکەیتەوە یان ئەگەر پێویست بێت خۆت لە کەسانی دیکە جیا بکەیتەوە لەبەر هۆکارێکی تر.

هەروەها **پاکژی کۆئەندامی هەناسەدانیش** هێشتا هەر گرنگە، داپۆشینی لوت و دەم بە کلینسێک کە دواتر فڕێ دەدرێت کاتێک کە دەپژمیت، لوتت دەسڕیت , یان پاکی دەکەیتەوە. ئەوانە دەبێت یەکسەر فڕێ بدرێنە ناو سەتڵی خۆڵ و یەکسەر دوای ئەوەش دەستشتن ئەنجام بدرێت.

## ئایا من پێویستیم بە هیچ هۆکارێکی پاراستنی کەسی (PPE) دەبێت لەماوەی سەردانەکەمدا؟

لەوانەیە ڕەوشی ئەوتۆ هەبێت کە کارمەندەکان داوات لێ بکەن کە **PPE بەکار بهێنیت - وەک دەمامکێکی دەموچاو، بەرکۆش، دەستکێش هتد**. ئەگەر ئەوە پێویست بکات، کارمەندەکان یارمەتیت دەدەن بۆ لەبەرکردنی ئەوانە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و بۆئەوەی بەر لە ڕۆیشتنت فڕێیان بدەیت.

ئەگەر تۆ ئەندامی خێزان یان سەرپەرشتیاری ئەو کەسەیت کە تۆ سەردانی دەکەیت و هەوڵی پشتگیریکردنی دەدەیت سەبارەت بە هەندێک لایەنی سەرپەرشتییەکەی وەک پشتگیریکردنی خۆراک خواردنی لەکاتی ژەمە خۆراکدا، یان سەرپەرشتی دیکەی کەسی، تۆ PPE ی پێویستت بۆ فەراهەم دەکرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییە.

### ئایا من دەتوانم لەکاتی سەردانەکەدا دەست لە خزم و کەسوکار یان هاوڕێکەم بدەم؟

توانای دەستدان لە دەستی کەسەکە بەبێ لەدەستکردنی دەسکێش بۆ فەراهەمکردنی ئاسوودەیی و دڵنیاکردنەوە کاتێک کە ئەو کەسە تووشی گوشاری دەروونی یان پەرێشانی بووە **ڕێگەی پێ دەدرێت بەگوێرەی هەلومەرجی تایبەتی هەر کەسە. پێویستە لەسەرت پەیرەوی پێوەرە تووندەکانی پاکژی دەستەکانت بکەیت بەر لە بەرکەوتە لەگەڵ نەخۆشەکە و دوای ئەوەش.**

### ئایا من دەتوانم بچمە دەرەوە بۆ قاوشەکە بۆ پیاسەیەک لەگەڵ خزم و کەسوکار یان هاوڕێکەم ئەگەر بتوانێت؟

تکایە بەر لە هەموو شتێک بە کارمەندەکانی قاوش بڵێ بزانە دەبێت. لەوانەیە بکرێت بچن بۆ پیاسەیەک بۆناو شوێنە هاوبەشە سەرەکییەکانی نەخۆشخانەکە یان سەرزەمینی نەخۆشخانەکە ئەگەر پێوەرەکانی خۆ دوورە پەرێزگرتنی کۆمەڵایەتی و داپۆشینی دەموچاو پەیڕەو بکرێن.

### ئایا من داوای زانیاری 'پشکنین بکە و بپارێزە' م لێ دەکرێت؟

کاتێک دەگەیتە قاوشەکە، کارمەندەکانی قاوش داوات لێ دەکەن فۆرمێک پڕ بکەیتەوە و وردەکارییەکانی پەیوەندیکردنی خۆتی تێدا بنووسیت. ئەوە ئاساییە لەو هەلومەرجەی ئێستادا بۆ یارمەتیدانی تەندروستی گشتی و هاوڵەکانی **پشکنین بکە و بپارێزە**، ئەگەر پێویست بکات پەیوەندیت پێوە بکرێت. زانیارییەکانی پەیوەندیکردنت تەنها بۆ مەبەستەکانی سۆراخکردن و پاراستن بەکار دەهێنرێن و بەشێوەیەکی ئەمین لەناو دەبرێن هەر کات زانیارییەکان هیچی دیکە پێویست نەبن.

کاتێک کە دەگەیتە ناو قاوشەکە و هەموو جارێک کە سەردانی قاوشەکە دەکەیت، هەندێک پرسیارت لێ دەکرێت سەبارەت بە تەندروستیت بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە ئەوە بۆ تۆ سەلامەتە کە سەردان بکەیت. ئەوان ئەم پرسیارانەی خوارەوەت لێ دەکەن:

- ئایا هەست دەکەیت تەندروستیت باش نەبێت؟
- ئایا تۆ کۆکەیەکی نوێ/بەردەوامت هەیە؟
- ئایا تۆ لە ماوەی 48 کاتژمێری ڕابوردوودا ڕشانەوە یان سکچوونت هەبووە؟
- ئایا تێبینی گۆڕانکارییەکت کردووە لە پلەی گەرمی لەشتدا؟
- ئایا تێبینی نەمان یان گۆڕانکاریت کردووە لە هەستی تامکردن یان بۆنکردنی ئاسای خۆتدا؟
- ئایا تۆ خۆت لە کەسانی دیکە دابڕیوە بەهۆی ئەوەوە کە بەرکەوتەت هەبووبێت لەگەڵ هەر کەسێک کە گومانی ئەوەی لەسەر بێت کە تووشی کۆڤید- 19 بووبێت یان ئەنجامی پشکنینەکەی پۆزەتیف بووبێت، لە 14 ڕۆژی ڕابوردوودا؟

تۆ ڕێگەت پێ نادرێت کە سەردان بکەیت ئەگەر لەو پشکنینی سەلامەتییەدا دەرنەچیت.

**زۆر گرنگە کە سەردانی نەخۆشخانە نەکەیت ئەگەر کۆکەیەکی بەردەوام، لەدەستدانی تام یان بۆن یاخود نیشانەکانی نەخۆشی وەک ئەنفلۆنزا یان تا (پلەی گەرمی بەرزی لەش) ت هەبێت.**

### ئایا چ پێوەرێکی سەلامەتی دیکە دانراوە؟

ڕێوشوێنە ئاسایشییەکان لە هەموو نەخۆشخانەکانماندا جێگیر کراون بۆ دڵنیاکردنی ئەوەی کە چوونە ژوورەوە سنوردار کراوە و تەنها ئەو کەسانە دەتوانن بچنە ژوورەوە کە ڕێگە پێدراون بۆ سەردان و بۆ یارمەتیدانی ئێمە بۆ پابەندبوون بە ڕێنوێنییەکانەوە. کاتێک کە دەگەیتە ناو نەخۆشخانەیەک، تکایە بۆ کارمەندەکانی ئاسایش ئەوە ڕوون بکەرەوە کە تۆ بۆ سەردانی کەسێک هاتوویت بۆ ئەوێ و سەردانەکەت پێشتر لەگەڵ قاوشەکە ساز کراوە.

### ئایا من دەتوانم ئاسانکارییەکانی ناو نەخۆشخانەکە بەکار بهێنم؟

شوێنکاری تاکفرۆش و ئاسانکاری خۆراک خواردن لە هەموو نەخۆشخانەکانماندا کراوەن. ئەگەر هەر کام لەو ئاسانکاریانە بەکار دەهێنیت، پێویستە لەسەرت ئەوە دڵنیا بکەیت کە تۆ هەموو پێوەرە سەلامەتییە پێویستەکان پەیڕەو دەکەیت - دەمامک ببەستە، 2 مەتر کەنارگیری کۆمەڵایەتی پەیڕەو بکە، کاتێک کە دەچیتە ئەو شوێنە و کاتێکیش کە لەوێ دەردەچیت هتد. پاکژکاری دەست بەکار بهێنە.

هەر کات بگونجێت دەبێت ئەو ئاودەستانە بەکار بهێنیت کە بۆ کۆمەڵانی خەڵک فەراهەم کراون. وەها بەباش دادەنرێت کە تۆ ئاودەستی نەخۆشەکان و کارمەندەکان بەکار نەهێنیت، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە هیچ بژاردەیەکی تر بەردەست نەبێت.

### ئایا لە کوێ دەتوانم زانیاری زیاتر دەستگیر بکەم؟

زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێوشوێنە نوێکانی سەردان لەسەر [ماڵپەری NHSGGC] بەردەستە.

**زۆر زۆر سوپاس بۆ هاوکاریکردنت. ئێمە چاوەڕوانی پێشوازیکردنی ئەندامانی خێزان و هاوڕێکان دەکەین بۆ ناو نەخۆشخانەکانمان بۆ پشتگیریکردنی نەخۆشەکان.**